# ئەی شوێن کەوتوی حەق دڵ تەنگ مەبە....بەڵکو مژدە بێت لێت

بسم الله الرحمن الرحيم

**الحمد لله والصلاة وسلام على رسول الله وعلى آله وصحبه ومن والاه:**

**ئەی ئەوکەسەی شوێن کەوتووی سەلەفی صالحی ( دڵتەنگ مەبە چونکە بێگومان تۆ لەسەر حەقی )**

.........

بەڵێ تۆ لەسەر حەقی، چۆن وانییە؟ لە کاتێکدا خوای پەروەردگار دەفەرموێت:

﴿وَمَن يُشَاقِقِ الرَّسُولَ مِن بَعْدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُ الْهُدَىٰ وَيَتَّبِعْ غَيْرَ سَبِيلِ الْمُؤْمِنِينَ نُوَلِّهِ مَا تَوَلَّىٰ وَنُصْلِهِ جَهَنَّمَ ۖ وَسَاءَتْ مَصِيرًا ﴿١١٥﴾﴾

[ النساء: ١١٥] . واتە: ئەوەی دوژمنایەتی پێغەمبەر ﷺ بکات و لێی جیا بێتەوە لە دوای ئەوەی ڕێگەی ڕاستی بۆ ڕوون بووەوە، وە شوێنی ڕێگەو ڕێبازێك بکەوێت کە جیا بێت لە ڕێگەو ڕێبازی ئیمانداران (هاوەڵان رضي الله عنهم)، ئەوا وازی لێ دەهێنین لەگەڵ ئەو ڕێگەو بەرنامەیەی کە هەڵیبژاردووە و ڕووی تێکردووە، (لە دواڕۆژیشدا) دەیخەینە ناو ئاگری دۆزەخەوەو دەیسوتێنین و سزای دەدەین، کە ئەوەش سەر ئەنجامێکی زۆر ناخۆش و سامناکە.

بەڵێ تۆ "ئەی لاوی سەلەفی" دژایەتی پێغەمبەرت ﷺ نەکردووە، بەڵکو شوێنی کەوتویت، وە شوێنی ڕێگەو ڕێبازی ئیمانداران کەوتویت کە هاوەڵانی بەڕێزی پێغەمبەر ﷺ و شوێن کەوتوانیانی (خوای گەورە لە هەموویان ڕازی بێت).

وە پێغەمبەر ﷺ تۆی گێڕاوە بە کەسانی ڕزگاربوو و سەرکەوتوو، هەروەك هاوەڵی بەڕێز معاويە رضي الله عنه دەفەرموێت: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی:

(إفترَقَتِ اليَهودُ عَلى إحدَى وَسَبعينَ فِرقَةً فواحِدَةً في الجَنَّةِ وَسَبعونَ في النّارِ، وافتَرَقَتِ النَّصارَى عَلى ثِنتَينِ وَسَبعينَ فِرقَة فِإحدى وَسَبعينَ فِرقَة في النّارِ وَواحِدَة في الجَنَّةِ، وَالّذي نَفسُ مُحمّدٍ بِيَدِهِ لَتَفتَرِقَنَّ أُمَّتي عَلى ثَلاثٍ وَسَبعينَ فِرقَة، واحِدَةٌ في الجَنَّةِ وِاثنَتانِ وَسَبعونَ في النّارِ، قِيلَ: يا رَسولَ اللهِ، مَن هُم؟ قالَ:

الجَماعَـةُ)[1]، وفِي رواية الترمذي عن عبد الله بن عمرو: قالُوا: وَمَن هِي يا رَسولَ اللهِ؟ قالَ: **ما أنا عَلَيه وَأصحابي)**[2] . واته: جولەکە بوون بە حەفتاو یەك بەش و کۆمەڵی جیاواز تەنها یەك کۆمەڵیان (لەسەر حەق بوون) دەچنە بەهەشتەوە وحەفتا کۆمەڵ وگروپە جیاوازەکان دەچنە ئاگری دۆزەخەوە، وە خاچ پەرستەکان (گاورەکان) بوون بە حەفتاو دوو کۆمەڵی جیاواز حەفتا و یەك لەو کۆمەڵ وگروپە جیاوازانە دەچنە ئاگری دۆزەخەوە تەنها یەك کۆمەڵیان (کە لەسەر حەق بوون) دەچنە بەهەشتەوە، وە سوێند بێت بەو خوایەی کە ڕوحی منی بەدەستە ئوممەت و شوێن کەوتوانی منیش دەبن بە حەفتاو سێ بەشەوە، کۆمەڵێکیان دەچێتە بەهەشتەوە و حەفتاو دوویان بۆ ئاگری دۆزەخە، ووتـرا: ئەی پێغەمبەر ﷺ کێن ئەو کۆمەڵەی کەدەچنە بەهەشتەوە؟ فەرموی: ئەو کەسانەن کە کۆمەڵی حەق و ڕاستی موسوڵمانان، وە لە ڕیوایەتێکی تـردا کە ئیمامی الترمذي لە عبداللّٰهی کوڕی ئیمامی عومەرەوە (خوایان لێ ڕازی بێت) دەیگێڕێتەوە: هاوەڵانی بەڕێزی پێغەمبەر ﷺ ووتیان: کێن ئەو کۆمەڵە؟ پێغەمبەریش ﷺ فەرمووی: ئەو کۆمەڵەن ئەمڕۆ من و هاوەڵانم لە سەر چی مەنهەج و ڕێبازێکین ئەوانیش لەسەر هەمان مەنهەج و ڕێبازن.

وەهەروەها مُغیرەی کوڕی شعبة رضي الله عنه دەفەرمووێت: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی:

**(لا تزال طائفةٌ من أمتي قائمةٌ بأمر الله لا يضرُّهم من خذلهم أو خالفهم حتى يأتي أمر الله وهم ظاهرون على الناس)**[2] . واتە: بەردەوام کۆمەڵێك لە ئوممەت و شوێن کەوتوانی من هەستاون بەفەرمانەکانی خواو بەرزیان ڕاگرتووە، پشت هەڵکردنی کەسانێك لێیان و پێچەوانەکردنیان زیانیان پێ ناگەیەنێت تا ڕۆژی قیامەت، بەڵکو بەردەوام سەرکەتوو و دیارن لە ناو خەڵکیدا بەبەڵگەو ووتەکانیان.

وە ثوبان رضي الله عنه دەفەرموێت: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی:

---

(1) أخرجه ابن ماجه بهذا اللفظ، في كتاب الفتن، باب افتراق الأمم، 321/2، برقم 3992، وأبو داود، كتاب السنة، باب شرح السنة، 197/4، برقم 4596، وابن أبي عاصم، في كتاب السنة، 32/1، برقم 63، وصححه الألباني في صحيح سنن ابن ماجه، 364/2.

(2) سنن الترمذي، كتاب الإيمان، باب ما جاء في افتراق هذه الأمة، 26/5، برقم 2641، وصححه الألباني في: صحيح الجامع الصغير: 7290، ومشكاة المصابيح: 6276.

(لا تزال طائفة من أمتي ظاهرين على الحق لا يضرهم من خذلهم، حتى يأتي أمر الله وهم كذلك)[3] .

واته: بەردەوام كۆمەڵێك لە ئوممەت و شوێن كەوتوانی من دیارو ئاشكران لەسەر حەق و ڕاستی پشت هەڵكردنی كەسانێك لێیان و دژایەتی كردنیان زیانیان پێ ناگەیەنێت تا فەرمانی خوای پەروەردگار دێت لەسەر ئەو حەق و ڕاستیەن.

**بۆیە دڵ تەنگ مەبەو خەفەت بار مەبە.....بەڵكو مژدە بێ بۆت**

**ئەی لاوی سەلەفی بەڕاستی تۆ غەریبی.............. دڵ تەنگ مەبە**

بەڵێ تۆ غەریبی لە سەردەمێكدا كەسانی لەسەر حەق و حەق ویست زۆر كەمن، كەسانی خراپ و شوێن كەوتووی خراپ گەلێك زۆرن، بەڵێ سەردەمێك ڕەشەباو فیتنەی لەناو بەر هەڵی كردووە، وە فیتنەی شوبوهات و هەواو ئارەزووەكان باڵی خۆی دەهاوێت، سەردەمێك كەسانی بانگەوازكارو حەق ڕوون كەرەوە زۆر كەمن، كەسانی دانیشتوو و خەم نەخۆر گەلێك زۆرن.

**بەڵێ دڵ تەنگ مەبە بەڕاستی تۆ غەریبی...........بەڵام خۆش بەختی و بەهەشت بۆ غەریبەكانە**

أبو هريرة رضي الله عنه دەفەرمووێت: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی:

(بَدَأَ الإسلامُ غريباً وَسَيَعودُ كما بَدَأَ غريباً، فَطُوبى لِلغُرَباء)[4]. واتە: ئیسلام دەركەت و سەری هەڵدا بەغەریبی وە ئیسلام دەگەڕێتەوە بۆ غەریبی، بۆیە خۆشبەختی و بەهەشت بۆ ئەو كەسانەی كە غەریبن (واتە: چەند فەرمانێكی خوای پەروەردگار و پێغەمبەر ﷺ جێبەجێ دەكەن كە بەلای زۆربەی موسوڵمانانەوە غەریب و نامۆیە). وە لە ڕیوایەتێكی تردا كە ئیمامی أحمد لە عبدالله ی كوڕی مسعودەوە (رضي الله عنه) بۆمان دەگێڕێتەوە: (قالَ: قِيلَ: وَمَن الغُرَباء؟ قالَ: النّزاعَ مِنَ القَبائِلِ)[5] .

ووترا: غەریبەكان كێن؟ فەرمووی: ئەو كەسانەی كە كۆچیان كردووە و وڵاتی خۆیان بەجێ هێشتوە لە پێناوی خوای پەروەردگار .

---

(3) صحيح مسلم، كتاب الإمارة باب قوله ﷺ: ''لا تزال طائفة من أمتي ظاهرين على الحق لا يضرهم من خالفهم'' 1523/2، برقم 1920.

(4) مسلم، كتاب الإيمان، باب بيان أن الإسلام بدأ غريباً وسيعود غريباً، 130/1، برقم 145.

(5) المسند للإمام أحمد، 398/1، قال الشيخ الألباني: صحيح دون قال: قيل، **بڕوانە**: سنن ابن ماجه، 1320/2 برقم 3988.

وه له ڕیوایەتێكی تردا كه ئیمامی أحمد له عبدالله ی كوڕی عمرو كوڕی عاص بۆمان دەگێڕێتەوه، ووترا: غەریبەكان كێن ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ؟ فەرمووی:

(أناسٌ صالحونَ في أناسٍ سُوءٍ كَثير مَن يَعصيهِم أكثر مِمَّن يُطيعُهُم)[6] . واتـه: غەریبـەكانی ئوممەتی من كەسانێكی چاك و بۆخوا سوڵحاون لەناو كەسانێكی زۆری خراپدا، ئەو كەسانەی كه سەرپێچیان دەكەن و شوێنیان ناكەون گەلێك زۆرترن لەو كەسانەی كه بەقسەیان دەكەن و شوێنیان دەكـەون. وەهـەروەها له ڕیوایەتێكی تردا پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (الذين يصلحون إذا فسد الناس)[7]. واتـه: غەریبـەكانی ئوممەتی من كەسانێكی چاكن و چاكسازیشن كاتێك خەڵكی خراپ دەبن (واته: هەم خۆیان پەیوەستن به دینەوه و چاكەكارن وەهەم بانگەوازی خەڵكیش دەكەن بۆ لای چاكه). بۆیه ئەهلی سوننەو جەماعـه كەسانێكی غەریبن لەناو كۆمەڵانی ئـەهلی بیدەع و شـوێن كـەوتوانی هـەواو ئـارەزوو كۆمـەڵ و گروپـه جیاوازو پارچه پارچەكاندا.

**بۆیه دڵ تەنگ مەبه ................ بەڵكو مژده بێ بۆت**

**ئەی لاوی سەلەفی بەڕاستی كەسانی لەسەر حەق زۆر كەمن ...............**

**بۆیه دڵ تەنگ مەبه**

بـەڵێ بەڕاسـتی كەسـانی لەسـەر حـەق زۆر كـەمن، چـۆن وانییـه لـه كاتێكـدا خـوای پـەروەردگار دەفـەرمووێت: ﴿ وَإِن تُطِعْ أَكْثَرَ مَن فِي الْأَرْضِ يُضِلُّوكَ عَن سَبِيلِ اللَّهِ ۚ إِن يَتَّبِعُونَ إِلَّا الظَّنَّ وَإِنْ هُمْ إِلَّا يَخْرُصُونَ ﴿١١٦﴾ ﴾ [ الأنعام: ١١٦] . واتـه: ئـەی پێغەمبـەر ﷺ ئەگـەر تـۆ گوێڕایـەڵی زۆربـەی خـەڵكی سـەر زەوی بكـەویت و بەقسـەیان بكـەیت، ئـەوا گـومڕاو سەرلێشـێواوت دەكـەن و لـه ڕێگـەی ڕاسـتی خـوای پـەروەردگار لات ئەدەن، چونكه ئەوان شوێنی حەق و ڕاستی ناكەون جگه له گومـان نـەبێت. وه دەفـەرمووێت: ﴿ وَمَا أَكْثَرُ النَّاسِ وَلَوْ حَرَصْتَ بِمُؤْمِنِينَ ﴿١٠٣﴾ ﴾[ يوسف: ١٠٣] .واتـه: زۆربـەی خـەڵكی ئیمانـدارو موسـڵمان نـین، هەرچەنده تۆش "ئەی پێغەمبەر" به پەرۆش بیت هەوڵ بدەیت تا ئیمان بێنن.

(6) المسند للإمام أحمد، 177/2 و222، وصححه العلاّمة الألباني في السلسلة الصحيحة، 153/4، برقم 1619.

(7) مسند الإمام أحمد، 173/4 ، وصححه العلاّمة الألباني في السلسلة الصحيحة، 267/3 برقم 1273.

وە هەروەها دەفـەرموویێت: ﴿تِلْكَ ءَايَٰتُ ٱلْكِتَٰبِ ۗ وَٱلَّذِىٓ أُنزِلَ إِلَيْكَ مِن رَّبِّكَ ٱلْحَقُّ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يُؤْمِنُونَ ﴿١﴾﴾ [ الرعد: ١] .واتە: ئەوەی لەم کتێبەدا هەیە ئایەتی قورئانی پیرۆزە، وە ئەوەی لە سەرانسەری ئەم قورئانەدا بۆ سەر تۆ "ئەی پێغەمبەر ﷺ" دابەزێنراوە لە لایەن پەروەردگارتەوە هەمووی ڕاستی و حەقیقەتە، بەڵام زۆربەی خەڵکی ئیمان ناهێنن.

بۆیە زۆر جار خوای پەروەردگار لۆمەو سەرزەنشتی زۆری دەکات (ئەگـەر لەسـەر حـەق نـەبن) وە بـە باشە باسی کەسانی شوێن کەوتوی حـەق دەکات هەرچـەندە کـەمیش بـن، هـەروەك دەفـەرموویێت: ﴿ٱعْمَلُوٓا۟ ءَالَ دَاوُۥدَ شُكْرًا ۚ وَقَلِيلٌ مِّنْ عِبَادِىَ ٱلشَّكُورُ ﴿١٣﴾﴾ [ سبأ: ١٣] .واتە: ئەی نەوەو شوێن کەوتوانی پێغەمبـەر داود ﷺ ئێوە بە کردارو بە گوفتار سوپاسگوزاربن (چاکە لەگەڵ خەڵکیدا بکەن)، هـەر چـەندە زۆر کـەم لـە بەندەکانم سوپاسگوزارن (زۆربەیان بێباوەڕن، یان ئەگەر موسڵمانیش بن ئەوا کەم سوپاسگوزارن).

وە هــەروەها خــوای پــەروەردگار دەفــەرموویێت: ﴿وَإِنَّ كَثِيرًا مِّنَ ٱلْخُلَطَآءِ لَيَبْغِى بَعْضُهُمْ عَلَىٰ بَعْضٍ إِلَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّٰلِحَٰتِ وَقَلِيلٌ مَّا هُمْ ۗ ﴿٢٤﴾﴾[ ص: ٢٤ ] .واتە: لە ڕاستیدا زۆربەی ئەو کەسانەی کـە شـەریك و هاوکـارن زوڵـم وستەم لە یەکتری دەکەن، تـەنها ئەوانـە نـەبێت کـە باوەڕیـان هێنـاوەو کردەوەی چاکە دەکـەن، کـە ئەوانیش کەمن (واتە: ئەوانەی ئیمانیان هەیەو کاری چاکە دەکەن و زوڵم وستەم ناکەن کەسانێکی زۆر کەمن).

وە هەروەها دەفـەرموویێت: ﴿حَتَّىٰٓ إِذَا جَآءَ أَمْرُنَا وَفَارَ ٱلتَّنُّورُ قُلْنَا ٱحْمِلْ فِيهَا مِن كُلٍّ زَوْجَيْنِ ٱثْنَيْنِ وَأَهْلَكَ إِلَّا مَن سَبَقَ عَلَيْهِ ٱلْقَوْلُ وَمَنْ ءَامَنَ ۚ وَمَآ ءَامَنَ مَعَهُۥٓ إِلَّا قَلِيلٌ ﴿٤٠﴾﴾ [هود: ٤٠ ] .واتە: (ئەم کێشەیە بەردەوام بوو، لـە نێـوان پێغەمبـەر نـوح ﷺ (عليه السلام) و گەلەکەیـدا) هـەتا ئـەو کاتـەی فـەرمان و بڕیارمـان هـات (بـە لـە نـاوبردنی بێباوەڕەکان) و لە تەنورەکەوە ئاو بەرز بووەوە(*) (کە ئەوە نیشانەی دەست پێ کردنی تۆڵەی خـوای پەروەردگار بوو) ئەوسا ووتمان: ئەی نوح لە هەموو نێرو مێیەك دووان هەڵبگرە لە نـاو کەشـتیەکەدا وە مـاڵ و خێزانـت، جگـە لەوانـەی کـە بڕیاریـان لەسـەر دراوە توشـی سـزاو تۆڵـەی خـوا بـبن بـە هـۆی

---

(*) ئەمە ووتەی زۆرینەی ڕاڤەوانانی قورئانی پیرۆزە، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێك لە هاوەڵان فەرموویانە: (فار التنور) واتە: فەجر دەرکەوت و دونیا ڕوناك بووە، وە (عكرمة والزهري)ش فەرموویانە: (التنور) واتە: ڕووی زەوی.

بێباوەڕییانەوە، وە ئەو کەسانەش هەڵبگرە کە ئیمانیان هێناوە، کەس بڕوای بە نوح ﷺ نەکردوو لە گەڵیدا نەبوو جگە لە کەسانێکی کەم نەبێت.

وە پێغەمبەر ﷺ شوێن کەوتوانی حەقی گێڕاوە بە یەك تاقم و کۆمەڵ، وە باسی کەسانی سەرلێشێواوی کردووە و گێڕاویانێتی بە حەفتاو دوو کۆمەڵ و گروپی ناکۆك و جیاواز، لە پێشتردا باسی ئەو فەرموودەیەمان کرد.

فضيلي کوڕی عياض (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرمووێت: ﴿ئەی موسڵمان شوێنی ئەو ڕێگا ڕاستە بکەوە کە هیدایەت و ڕێنمونی تیایە، کەمی شوێن کەوتوانی ڕێگای ڕاست هیچ زیانت پێ ناگەیەنێت، وە ئاگادار بەو خۆت بە دوور بگرە لە شوێن کەوتنی ڕێگای گومڕاو سەرلێشێواوی، لە خۆت بایی مەبە بە ژمارەی زۆری لە ناو چوان "زۆری شوێن کەوتوانی ڕێگای گومڕاو سەرلێشێواوی"﴾.

وە زانای پایەبەرز إبن القيّم (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرمووێت:

واصدع بما قال الرسول ولا تخف — من قلة الأنصار والأعوان

فالله ناصر دينه وكتابه — والله كاف عبده بأمان

إلى أن قال:

لاتخش كثرتهم فهم همج الورى — وذبابه أتخاف من ذبان[8].

**بۆیە دڵ تەنگ مەبە**

**بەڵکو مژدە بێ بۆت.**

**ئەی گەنجی سەلەفی تەنها خوای پەروەردگار هیدایەت دەرە، وە هیدایەت نەدانی خەڵکیش هەر بەدەست خۆیەتی**

.............

**بۆیە دڵ تەنگ مەبە**

بۆیە نەفسی خۆت بە هیلاك مەبە لەسەر باوەڕ نەهێنانی زۆربەی خەڵکی........ خوای پەروەردگار دەفەرمووێت: ﴿أَتُرِيدُونَ أَن تَهْدُوا مَنْ أَضَلَّ اللَّهُ وَمَن يُضْلِلِ اللَّهُ فَلَن تَجِدَ لَهُ سَبِيلًا ﴿٨٨﴾﴾ [النساء: ٨٨]. واتە: ئایا ئەتانەوێ (دڵی) کەسێك هیدایەت بدەن و ڕێنمونی بکەن کە خوای پەروەردگار گومڕای کردووە؟!! (بە هۆی باوەڕی دانەمەزراوی و دڵ و دەروونی نەخۆشییەوە) بێگومان هەرکەسێك خوای پەروەردگار

---

(8) **بڕوانە**: النونية لابن القيم (رحمه الله) ص:16-17.

گومڕای بکات (بە هۆی کوفرو کاری ناپەسەندییەوە) ئەوە هەرگیز ڕێگەیەکت دەست ناکەوێت بۆ ڕێنمونی کردنی.

وە هەروەها دەفەرمووێت: ﴿وَمَن يُضْلِلِ اللَّهُ فَمَا لَهُ مِنْ هَادٍ ﴿٣٣﴾﴾ [ الرعد: ٣٣] .واتە: هەرکەسێك خوای پەروەردگار گومڕاو سەرلێشێواوی بکات (بە هۆی کوفرو کاری ناپەسەندییەوە) ئەوە هیچ کەسێك ناتوانێت ڕێنمونی بکات و هیدایەتی بدات.

وە هەروەها دەفەرمووێت: ﴿مَن يَهْدِ اللَّهُ فَهُوَ الْمُهْتَدِ وَمَن يُضْلِلْ فَلَن تَجِدَ لَهُ وَلِيًّا مُّرْشِدًا ﴿١٧﴾﴾ [ الكهف: ١٧] .واتە: هەرکەسێك خوای پەروەردگار هیدایەتی بدات ئەوە بەڕاستی هیدایەت دراوەو ڕێنمونی کراوە، وە هەرکەسێك خوای پەروەردگار گومڕاو سەرلێشێواوی بکات (بە هۆی کوفرو کاری ناپەسەندییەوە) ئەوە هەرگیز کەسێکت دەست ناکەوێت کە پشتیوانی بکات و ڕێنمونی بکات.

وە هەروەها دەفەرمووێت: ﴿وَمَن يَهْدِ اللَّهُ فَهُوَ الْمُهْتَدِ وَمَن يُضْلِلْ فَلَن تَجِدَ لَهُمْ أَوْلِيَاءَ مِن دُونِهِ ﴿٩٧﴾﴾ [ الإسراء: ٩٧] .واتە: هەرکەسێك خوای پەروەردگار هیدایەتی بدات ئەوە بەڕاستی هیدایەت دراوەو ڕێنمونی کراوە، وە هەرکەسێك خوای پەروەردگار گومڕاو سەرلێشێواوی بکات (بە هۆی کوفرو کاری ناپەسەندییەوە) ئەوە هەرگیز کەسێکی دەست ناکەوێت کە پشتیوانی بکات و ڕێنمونی بکات و ڕزگاری بکات.

وە هەروەها دەفەرمووێت:﴿ذَٰلِكَ هُدَى اللَّهِ يَهْدِي بِهِ مَن يَشَاءُ وَمَن يُضْلِلِ اللَّهُ فَمَا لَهُ مِنْ هَادٍ ﴿٢٣﴾﴾ [ الزمر: ٢٣] .واتە: بەڕاستی ئا ئەوە هیدایەت و ڕێنمونی خوایە کە هەر کەس شایستە بێت هیدایەتی دەدات و ڕێنمونی دەکات بۆ ئەو پلەو پایە بەرزانە، ئەوەی ڕێگای ڕاستی خوای پەروەردگار بزر بکات ئەوە هیچ کەس نییە هیدایەتی بدات و ڕێنمونی بکات.

وە خوای پەروەردگار لەسەر زمانی پێغەمبەر موسی (علیه السلام) فەرموویەتی: ﴿قَالَ كَلَّا إِنَّ مَعِيَ رَبِّي سَيَهْدِينِ ﴿٦٢﴾﴾ [الشعراء: ٦٢] .واتە: پێغەمبەر موسی (علیه السلام) فەرمووی: نەخێر وانییە (کاتێك قەومەکەی وتیان: دارو دەستەی فیرعەون پێمان گەیشتن و لەناومان ئەبەن) من بەڕاستی خوای پەروەردگارم لە گەڵدایە (بە هێزو دەسەڵات و عیلم و زانیاری و بە بیستن وبینین وبەئاگابوون) وە هیدایەتم دەدات و ڕێنمونیم دەکات بۆ ڕزگاری و سەرفرازی.

وە هەروەها لەسەر زمانی پێغەمبەر إبراهیم ﷺ فەرموویەتی: ﴿ٱلَّذِی خَلَقَنِی فَهُوَ یَهۡدِینِ ۝٧٨﴾ [الشعراء: ٧٨] .

واتە: تەنها ئەو خوایە دەپەرستم کە دروستی کردووم و هیدایەتم دەدات و ڕێنمونیم دەکات.

وە هەروەها بە پێغەمبەری خۆمانی ﷺ فەرمووە: ﴿۞ لَّیۡسَ عَلَیۡكَ هُدَىٰهُمۡ وَلَـٰكِنَّ ٱللَّهَ یَهۡدِی مَن یَشَاۤءُۗ ۝٢٧٢﴾ [البقرة: ٢٧٢] .واتە: ئەی پێغەمبەرﷺ هیدایەتی ناو دڵی ئەوان لەسەر شانی تۆ نییە، بەڵکو خوای پەروەردگار هیدایەتی کەسێك دەدات و ڕێنمونی دەکات کە خۆی ویستی لێیە.

وە هەروەها پێی فەرمووە: ﴿إِنَّكَ لَا تَهۡدِی مَنۡ أَحۡبَبۡتَ وَلَـٰكِنَّ ٱللَّهَ یَهۡدِی مَن یَشَاۤءُۚ وَهُوَ أَعۡلَمُ بِٱلۡمُهۡتَدِینَ ۝٥٦﴾ [القصص: ٥٦] .واتە: ئەی پێغەمبەر ﷺ تۆ ناتوانی هیدایەتی کەسێك بدەیت کە زۆرت پێ خۆشە هیدایەت بدرێت (هیدایەتی ناو دڵ و ئیمان خستنە ناو دڵی)، بەڵکو خوای پەروەردگار هیدایەتی کەسێك دەدات و ڕێنمونی دەکات کە خۆی ویستی لێیە، وە خوای پەروەردگار زۆر زاناو شارەزاترە بەو کەسانەی کە هیدایەت دراون و ڕێگای هیدایەتیان گرتۆتە بەر.

وە هەروەها پێی فەرمووە: ﴿إِن تَحۡرِصۡ عَلَىٰ هُدَىٰهُمۡ فَإِنَّ ٱللَّهَ لَا یَهۡدِی مَن یُضِلُّۖ وَمَا لَهُم مِّن نَّـٰصِرِینَ ۝٣٧﴾ [النحل: ٣٧] .واتە: تۆ ئەی پێغەمبەر ﷺ ئەگەر زۆر سوریش بیت لەسەر هیدایەتی ئەوان، ئەوە ناتوانیت (هیدایەتی ناو دڵیان بدەیت) چونکە بەڕاستی خوای پەروەردگار ڕێنمونی کەسێك ناکات کە ئەو کەسە خەڵك گومڕا بکات، ئەو کەسانە (لە قیامەتدا) هیچ جۆرە سەرخەرو پشتیوانێکیان نییە.

وە هەروەها پێی فەرمووە: ﴿فَإِنَّ ٱللَّهَ یُضِلُّ مَن یَشَاۤءُ وَیَهۡدِی مَن یَشَاۤءُۖ فَلَا تَذۡهَبۡ نَفۡسُكَ عَلَیۡهِمۡ حَسَرَ ٰتٍۚ إِنَّ ٱللَّهَ عَلِیمُۢ بِمَا یَصۡنَعُونَ ۝٨﴾[فاطر: ٨] .واتە: تەنها خوای پەروەردگار ئەو کەسانە گومڕا دەکات (بە هۆی بێباوەڕی و کاری خراپیەوە) کە خۆی ویستی لێیەتی، وە هیدایەتی کەسانێك دەدات و ڕێنمونیان دەکات کە خۆی ویستی لێیە، بۆیە ئەی پێغەمبەر ﷺ تۆ نەفسی خۆت بە خەم و پەژارەوە مەفەوتێنە لەسەر باوەڕ نەهێنانیان، چونکە بەڕاستی خوای پەروەردگار زانایەو زۆر بە ئاگایە بەو کردەوانەی کە ئەوان ئەنجامی دەدەن.

وە هەروەها پێی فەرمووە: ﴿لَیۡسَ لَكَ مِنَ ٱلۡأَمۡرِ شَیۡءٌ ۝١٢٨﴾[آل عمران: ١٢٨].واتە: ئەی پێغەمبەر ﷺ تۆ هیچ کارو باری ئەوانت بە دەست نییە (بەڵکو هەموو شت تەنها بە دەست خوای پەروەردگار خۆیەتی) هیدایەتیان بدات یان نا.

وە پێغەمبەر ﷺ لەسەرەتای وتارەکانیدا کە هاوەڵانی بەڕێزیﷺ فێر دەکرد دەیفەرموو: (من يهده الله فلا مضل له ومن يضلل فلا هادي له) .واتە: هەرکەسێك خوای پەروەردگار هیدایەتی بدات ئەوە بەڕاستی هیچ کەس ناوانێت گومڕاو سەرلێشێواوی بکات (دڵی بگۆڕێت)، وە هەرکەسێك خوای پەروەردگار گومڕاو سەرلێشێواوی بکات (بە هۆی تاوان و خراپەی خۆیەوە) ئەوە هیچ کەس ناوانێت هیدایەتی بدات (ئیمان بخاتە ناو دڵییەوە).

بۆیە ئەی لاوی شوێن کەوتووی حەق تۆ ناتوانێت ئیمان و باوەڕ بخەیتە ناو دڵی هیچ کەسێکەوە، بەڵکو تەنها ئەوەندەت لەسەرە بانگەواز بکەیت و خەڵکی ڕێنمونی بکەیت بۆ لای ڕێگای ڕاست:

﴿وَمَا عَلَى ٱلرَّسُولِ إِلَّا ٱلْبَلَٰغُ ٱلْمُبِينُ ﴿١٨﴾﴾ [العنكبوت: ١٨] .واتە: هیچ لەسەر پێغەمبەر ﷺ نییە (لە ئیمان خستنە ناو دڵی خەڵکی)، بەڵکو تەنها گەیاندن و ڕونکردنەوەی ئاشکرا ئەرکی سەرشانیەتی و هیچی تر.

**بۆیە دڵ تەنگ مەبە**

**بەڵکو مژدە بێ بۆت.**

**ئەی لاوی سەلەفی ئەوەی ئەوان دەیڵێن تەنها مەبەستیان پێی خەفەتبار کردن و بێتاقەت کردنی تۆیە .....**

**بۆیە دڵ تەنگ مەبەو خەفەت مەخۆ.**

بەڵێ، ئەوە کارو پیشەی هاوەڵ بڕیاردەران و بێباوەڕان بووە لە گەڵ پێغەمبەری خوادا ﷺ.

لە کاتێکدا پێیان دەووت: درۆزنە، شاعیرە، شێتە، فاڵ چییە، (گەورەیی و سەربەرزی بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ.

بەڵێ پێیان دەووت: بەدرۆ قورئانی هەڵبەستووە، مەبەستیان بە ووتنی ئەم قسانە تەنها خەفەتبار کردن و بێتاقەت کردنی پێغەمبەر ﷺ بوو.

خوای پەروەردگار دەفەرموویت: ﴿لَا تَمُدَّنَّ عَيْنَيْكَ إِلَىٰ مَا مَتَّعْنَا بِهِۦٓ أَزْوَٰجًا مِّنْهُمْ وَلَا تَحْزَنْ عَلَيْهِمْ ﴿٨٨﴾﴾ [ الحجر: ٨٨] .واتە: ئەی پێغەمبەر ﷺ تۆ نەکەیت چاوەکانت ببڕیتە ئەو کەسانەی کە هەندێك لە ژیانی دونیامان پێ بەخشیون و بەهرەدارمان کردوون، خەفەت مەخۆ لێیان (کاتێك دەبینیت شوێنی حەق ناکەون).

هەروەها دەفەرموویت: ﴿وَٱصْبِرْ وَمَا صَبْرُكَ إِلَّا بِٱللَّهِ ۚ وَلَا تَحْزَنْ عَلَيْهِمْ وَلَا تَكُ فِى ضَيْقٍ مِّمَّا يَمْكُرُونَ ﴿١٢٧﴾﴾ [النحل: ١٢٧] .واتە: (ئەی پێغەمبەر ﷺ، ئەی ئیماندار) ئارام گربە، خۆگری و ئارام گریەکەشت تەنها بە

کۆمەکی خوای پەروەردگار دەبێت، بە کەسی تر ناکرێت، غەمبار مەبەو خەفەت مەخۆ لە بێباوەڕان کە باوەڕ ناهێنن، وە دڵ تەنگ مەبە لە بەرامبەر ئەو فێڵ و پیلان و نەخشانەی کە دوژمنان دەیگێڕن.

وە هەروەها دەفەرموویێت:﴿ وَلَا تَحْزَنْ عَلَيْهِمْ وَلَا تَكُن فِي ضَيْقٍ مِّمَّا يَمْكُرُونَ ﴿٧٠﴾ ﴾ [النمل: ٧٠] .واتە: ئەی پێغەمبەر ﷺ تۆ خەفەت مەخۆ لێیان (کاتێك باوەڕ ناهێنن) و غەمگین مەبە لەو پیلان و تەڵەکەو فێڵانەی کە ئەنجامی دەدەن.

وە هەروەها دەفەرموویێت: ﴿ قَدْ نَعْلَمُ إِنَّهُ لَيَحْزُنُكَ الَّذِي يَقُولُونَ فَإِنَّهُمْ لَا يُكَذِّبُونَكَ وَلَٰكِنَّ الظَّالِمِينَ بِآيَاتِ اللَّهِ يَجْحَدُونَ ﴿٣٣﴾ ﴾ [الأنعام: ٣٣] .واتە: بەڕاستی باش دەزانین کە قسەو گوفتاری نادروستی خوانەناسان تووشی بێتاقەتی و خەم و خەفەتت دەکات، چونکە بەڕاسی ئەوان وە نەبێت تۆ (ئەی پێغەمبەر ﷺ بە درۆزن بزانن، بەڵکو ستەمکاران ئایەتەکانی خوای پەروەردگار بە درۆ دەزانن و ئینکاری لێ دەکەن و دانی پیا نانێن.

وە هەروەها دەفەرموویێت: ﴿ وَلَقَدْ نَعْلَمُ أَنَّكَ يَضِيقُ صَدْرُكَ بِمَا يَقُولُونَ ﴿٩٧﴾ ﴾[الحجر: ٩٧] .

واتە: بەڕاستی ئێمە باش دەزانین کە دڵی تۆ تەنگ دەبێت و خەفەتبار دەبێت بەو قسەو گوفتارانەی کە خوانەناسان دەیڵێن.

## بەڵێ، پێت دەڵێن: وَهّابي، جامي، مَدخَلِي، مُرجِئِي، إرهابِي...

بەڵام دڵگران مەبە، بەڵکو ئەم ووتە بە نرخەی زانای پایەبەرز الشّيخ ناصر السّعدي (ڕەحمەتی خوای لێبێت) بخوێنەوە کە دەفەرموویێت: ﴿فێڵ و تەڵەکەیان بە سەر خۆیاندا دەگەڕێتەوە، تۆ "لاوی شوێن کەوتوی حەق" لەو کەسانەی کە لە خوا ترسن و چاکەکارن، وە خوای پەروەردگار لەگەڵ لە خوا ترسان و چاکەکارانە، بە یارمەتی دانیان، وە ڕێنمونی کردنیان، وە چاك ساز کردنی ووتەو کردەوەکانیان، ئەو کەسانەی کە خۆیان پاراستووە لە بێباوەڕی و تاوانەکان، وە زۆر چاکە کارن لە پەرستنی خوای پەروەردگاردا، وەکو ئەوەی کە خوای پەروەردگار ببینن، خۆ ئەگەر خوای پەروەردگاریش نەبینن ئەوە بێگومان خوای پەروەردگار ئەوان دەبینێت، وە چاکەکردن لەگەڵ بەندەکانی خوای پەروەردگاردا بەوە دەبێت کە لە هەموو ڕوویەکەوە سودیان پێبگەیەنیت، داواکارین لە خوای پەروەردگار کە بمان گێڕێت لەو کەسانەی کە لێی دەترسن و چاکەکاریشن﴾.

**بۆیە دڵ تەنگ مەبە**

## بەڵكو مژدە بێ بۆت.

## ئەی لاوی سەلەفی فیتنەو ئاشوب زۆرە...............بەڵام دڵ گران مەبە

هاوەڵی بەڕێزی پێغەمبەر ﷺ (أنس)ی کوڕی مالك رضي الله عنه) دەفەرمویێت: "ئێوە (ئەی تابعیەکان) چەند کارێك دەکەن، لە تێڕوانینی خۆتاندا وەکو تاڵە مویەك وایە "بە چاوی سوکەوە سەیری دەکەن" ئێمەی صەحابە لە سەردەمی پێغەمبەردا ﷺ ئەو کردەوەیەمان وا حیساب دەکرد کە ئەگەر هەرکەسێك بیکات ئەوا لەناوی دەبات و بە هیلاکی دەبات"[9].

بەڵێ ئەم ووتەیەی بەرامبەر تابعیەکان کرد لە کاتێکدا ئەوان لە باشترین سەردەمدا ژیاون دوای سەردەمی پێغەمبەر ﷺ، ئەی ئەبێ سەردەمی ئێمەی ببینیایە چی بوتایە؟

بەڵێ فیتنەی شوبوهات و هەواو ئارەزووەکان زۆر بوونە، بەڵام تۆ دڵ گران مەبە، چونکە تۆ لە تاقی کردنەوەدایت، ئایا ڕاستگۆ دەردەچیت یان نا؟ ئایا ئارام دەگریت یان ئارام ناگریت و بێباوەڕ دەبیت؟ ئایا بەردوام دەبیت لەسەر دینداری یان بەردەوامیت نابێت و پاشەو پاش دەکشێیتەوەو واز لە دینداری دێنیت.

خوای پەروەردگار دەفەرموویێت: ﴿أَحَسِبَ ٱلنَّاسُ أَن يُتۡرَكُوٓاْ أَن يَقُولُوٓاْ ءَامَنَّا وَهُمۡ لَا يُفۡتَنُونَ ۝٢ وَلَقَدۡ فَتَنَّا ٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِهِمۡۖ فَلَيَعۡلَمَنَّ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ صَدَقُواْ وَلَيَعۡلَمَنَّ ٱلۡكَٰذِبِينَ ۝٣﴾ [العنكبوت: ٢– ٣] واتە: ئایا خەڵکی وا دەزانن تاقی ناکرێنەوەو تووشی ئازارو ناڕەحەتی نابن کاتێك بڵێن ئێمە باوەڕمان هێناوە، بێگومان ئێمە ئەوانەی پێش ئەوانمان تاقی کردۆتەوە بە جۆرەها شێوە، تا خوای پەروەردگار ڕوونی بکاتەوەو دەری بخات کێ ڕاستی کردووە و دینداری بە ڕاستی کردووە، وە تا دەری بخات و بزانێت کێ درۆزنە.

بۆیە ئەی لاوی شوێن کەوتوی حەق ئەمڕۆ سەردەمی هەموو جۆرە فیتنەو خراپەو تاقی کردنەوەیەکە، بۆیە مژدەت لێ بێت لە لایەن پێغەمبەرەوە ﷺ.

هاوەڵی بەڕێزی پێغەمبەر ﷺ (أنس)ی کوڕی مالك رضي الله عنه) دەفەرموویێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: (إن من ورائكم أيام الصبر للمتمسك فيهن يومئذ بما أنتم عليه أجر خمسين منكم، قالوا يا نبي الله أو منهم، قال: بل منكم)[10] . واتە: ئەی هاوەڵانم رضي الله عنهم لە دوای ئێوە ڕۆژگارێك دێت، لەو

---

(9) رواه البخاري برقم: ( 6127).

(10) صحيح: السلسلة الصحيحة برقم: (494).

ڕۆژگارەدا ئەو موسڵمانەی کە ئارام دەگرێت و دەست بەو مەنهەج و ڕێبازو دینداریيەی کە ئێوەی لەسەر بوونە خێرو پاداشتی بە وێنەی پەنجا کەس لە ئێوەی بۆ دەنوسرێت، هاوەڵانی بەڕێزﷺ ووتیان: ئەی پێغەمبەر ﷺ ئایا خێرو پاداشتی بە وێنەی پەنجا کەس لە خۆیانی بۆ دەنوسرێت (واتە: لە موسڵمانی سەردەمی خۆیان)، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: نەخێر، بەڵکو خێرو پاداشتی بە وێنەی پەنجا کەس لە ئێوەی بۆ دەنوسرێت.

لە ڕیوایەتێکی تردا فەرموویەتی: (فإن من ورائكم أيام الصبر فيهن مثل القبض على الجمر...)[11] .واتە: ئەی هاوەڵانمﷺ لە دوای ئێوە ڕۆژگارێك دێت، ئارام گرتن لەسەر خوا ناسی و دینداری تیایدا، وەکو مشت گرتنە بە پشکۆی ئاگردا (واتە: دینداری کردنی ڕاستەقینە زۆر قورس و ناڕەحەتە).

وە معقلي کوڕی يسار ﷺ دەفەرمووێت: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (العبادة في الهرج، كهجرة إليّ)[12] .واتە: عیبادەت و خواپەرستی لە ڕۆژگاری شەڕو کوشتارو فیتنەدا وەکو کۆچ کردن وایە بۆلای من (واتە: کۆچ کردن لە مەککەوە بۆ مەدینە)، لەو سەردەمەدا بۆیە عیبادەت و خواپەرستی ئەوەندە خێرە چونکە خەڵکی زۆر بێ ئاگان لێی، وە کەس خۆی یەکلایی ناکاتەوە بۆ خواپەرستی مەگەر کەسانێکی زۆر کەم.

بۆیە ئەو مژدە گەورەیەت بۆ هەیە لە لایەن پێغەمبەرەوە ﷺ کە خەم و خەفەت و پەژارەت دەڕەوێنێتەوە.

أبو عبيدة کوڕی الجراح دەفەرمووێت: ووتم: ئەی پێغەمبەر ﷺ ئایا کەس هەیە لە ئێمە باشترو چاکتر بێت (لە دینداریدا)؟ لە کاتێکدا ئێمە موسڵمان بووین و لە گەڵ تۆدا جیهادی بێباوەڕان و هاوەڵ پەیداکەرانمان کرد، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی:

(نعم قوم يكونون من بعدكم يؤمنون بي ولم يروني)[13] .

واتە: بەڵێ موسڵمانی لە ئێوە باشتر هەیە ئەوانەش ئەوانەن دوای ئێوە دێن باوەڕیان بە پێغەمبەرایەتی من هەیە لە کاتێکدا منیشیان نەبینیوە.

---

(11) صحيح الترغيب والترهيب برقم: (3172).

(12) رواه مسلم برقم: (2948).

(13) صححه العلامة الألباني في المشكاة برقم: (6282).

بۆیه دڵ تەنگ مەبه.................

بەڵکو مژده بێ بۆت.

✍ : جمال بن عبد العزيز الربيعي

وەرگێڕانی: م/ شاخەوان جەواد

وصلى الله وسلم على رسول الله وعلى آله وصحبه ومن اتبعهم الى يوم الدين.

لەبڵاوكراوەكانی ماڵپەڕی فەرمووده

WWW.FERMUDE.COM